# بانگەواز بۆ خۆپیشاندانێکی گەورە لە هێلسینکی فینلەند

## " با هەژاری بنەبڕ کەین! جیهانێکی باشتر ئیمکانی هەیە!"

ڕۆژانی 22 و 23 ی ئۆکتۆبر ، سەرۆکی بانکی جیهانی Paul Wolfowitz بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی بانکی جیهانی لە هێلسینکی دەبێت.

حیزب و ڕێکخراوە جەماوەرییە کرێکاری و چەپەکان بەم بۆنەوە بۆنەگەلێکی بەرهەڵستکارانە لە ناوەندی شاری هێلسینکی بەڕێوە دەبەن:

ڕۆژی **شەممە 22 ی ئۆکتۆبر** خۆپیشاندانێکی گەورەمان دەبێت لە دژی لیبرالیزمی نوێ لە ژێر دروشمی " **با هەژاری بنەبڕ کەین! جیهانێکی باشتر ئیمکانی هەیە!**"، شوێنی کۆبوونەوەی خۆپیشاندەران **مەیدانەکەی کەنار وێسگای قەتار کاتژمێر 12**

ڕۆژی **یەکشەممە 23 ی ئۆکتۆبر** سەمینارێکی گەورەمان دەبێت لە پەیوەند بە هەمان بابەتی ناوبراو.

ئەم بۆنەگەلە لە ڕێکخستنی کۆمەڵە ڕێکخراوێکی چەپ، کرێکاری و ئینساندۆستە و ڕێکخراوی فینلەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش یەکێکە لە ڕێکخراوە سازماندەرەکان.

ئێمە هەموو لایەنگرانی بزووتنەوەی کرێکاری، خەباتکارانی دژی کاپیتالیستی و سەرجەم مرۆڤدۆستان بانگەواز دەکەین، کە لەم خۆپیشاندان و سەمینارەدا بەشداری چالاکانە بکەن.

## حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - ڕێکخراوی فینلەند

9 ی ئۆکتۆبری 2005

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارەتەلەفۆنانەوە:**

**سۆران زەکی:** 887 604 - 0440 ، **نەوزەر نەزەری:** 655 9132 - 040

لە شارەکانی فینلەندەوە خەڵکی بە پاس دێن بۆ شوێنی خۆپیشاندانەکە، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە کات و شوێنی ڕێکەوتنی پاسەکان ئاگادارتان دەکەینەوە.